# کۆماری کوردستان، دڵسۆزی و چەواشەکاری

دڵسۆز پشدەری
27.02.2005

تا ئەو ڕۆژەی کوردێک مابێ و تا کوردستان بە کورد ئاوەدان بێت، ناو و یادی کۆماری کوردستان و پێشەوا قازی مینا دوو ئەستێرەی پڕشنگدار لە ئاسمانی کوردستاندا دەگرشێن و دەدرەوشێن. هەڵوێستە نەتەوەییەکانی ڕێبەرانی کۆماری کوردستان و لە سەرووی هەمووانەوە پێشەوا قازی بە چەشنێک بوون کە نەتەوەی کورد لە هەرکام لە پارچەکانی تری کوردستان، کۆمار و پێشەواکەی بە هی خۆیان دەزانن و خۆیان بە میراتگری ئەو دەزانن. بەڵام لەگەڵ ئەم ڕاستییانەشدا جێگای داخە کە هەر کەس و لایەنێک هەوڵیداوە بە قازانجی خۆی و بۆ بەرژەوەندیی حیزبی و کەسینی خۆی کەڵکی خراپ لە گەورەیی و پیرۆزیی کۆمار و پێشەوا قازی وەربگرێت و تەفسیر و تەعبیری چەواشەکارانە و دەستەواژەی ناڕاست و نامۆ بە کار بێنێت. بۆ نموونە: حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران کە بناغەکەی لەلایەن پێشەوا قازییەوە دامەزراوە تا چەند ساڵ لەمەوبەر و تا ئەو کاتەی باوەڕی پتەوی بە خودموختاری هەبوو، لە ڕاگەیاندنەکەیدا هەمیشە دەیگوت کۆماری خودموختاری کوردستان. پاشان کە باوەڕیان بە خودموختاری لەق بوو؛ وازیان لە خەباتی دژی ئیمپریالیستی هێناو کەڵکەڵەی دێمۆکراسیخوازیی ئەمریکایی کەوتە کەللەیانەوە، هەواکەیان گۆڕی و ئێستا دەستەواژەی کۆماری دێمۆکراتی کوردستان، کە لە هیچ کتێب و سەرچاوەیەکدا نەدیتراوە و نەبیسراوە، بە کاردێنن. هەر ئەم حیزبی دێمۆکراتە لەو کاتەوە کۆماری کوردستان ڕووخا و پێشەوا قازی لە سێدارە درا، لە هیچ کۆبوونەوە و کۆنفرانس و کۆنگرەیەکی خۆیدا باسی لە هەڵکردنی ئاڵای کۆمارە جوانەمەرگەکەی نەکرد و تەنانەت قسەی هەلەق مەلەقی بەو کەس و لایەنانەش دەگوت کە باوەڕیان پێیبوو وە بانگەشەیان بۆ دەکرد. . پارتی دێمۆکراتی کوردستان، وەک لایەنێکی دیکە کە خۆی بە درێژەدەری کاروانی نەپساوەی کۆماری کوردستان دادەنێت، تەواوی سەروەرییەکانی ئەم کۆمارە دەگێڕێتەوە بۆ ئازایەتی و وشیاری و وردبینیی مەلا مستەفای بارزانی و تەنانەت لەقەبی پێشەواش بە ناوبراو ڕەوا دەبینێت نەک بە قازی موحەممەدی پێشەوا و سەرکۆمار. فێستیڤاڵی قازی موحەممەدیش نموونەیەکی زەق و زیندووی هەڵوێستی پارتییە و نامەوێ هیچ لێکدانەوەیەک لەمبارەیەوە زیاد بکەم. زۆربەی لایەنەکانی تریش هەر لە زمانی بێگانەکانەوە و بە مەنتیقی داگیرکەران دەپەیڤن و لە باتی کۆماری کوردستان دەڵێن کۆماری مەهاباد. لە دوو هەفتەی ڕابردووشدا، تەلەڤیزیۆنی کوردسات لە چوار بەشدا بەرنامەیەکی بڵاوکردەوە لەمەڕ کۆماری کوردستان و هەلومەرجی پێکهاتنی و هۆیەکانی دامەزران و ڕووخانی. لەبەر چەند هۆیەک ئەمە بۆ من مایەی تێڕامان و سەرنجدانێکی تایبەت بوو. یەکەم: هیچ بۆنەیەک لە گۆڕێدا نەبوو کە وەبیر هێنی ئەم مەسەلەیە بێت، چونکە بێ لەبەرچاوگرتنی کاتی تۆمارکرانی، چەند هەفتەیەک دوای دووی ڕێبەندان ئەم بەرنامەیە بڵاوکرایەوە. دووەم: چەند ڕۆژێک دوای دیداری مامجەلال و کوڕی ڕەش بڵاوکرایەوە کە لە دیدارەکە دا مامجەلال لایەنە پەیوەندیدارەکانی ڕاسپارد لە یادی لەسێدارەدانی پێشەوا قازی دا مەراسیمێکی شایانی پلەو پایەی قازی موحەممەد سازبدەن. هیچ گومانم لەمەدا نییە کە ئەم ماستە موویەکی تێدایە. سێیەم: لەبەرنامەکەدا چوارکەس وەڵامی پرسیارەکانی ئامادەکاری بەرنامەیان دەدایەوە کە دووانیان ئەندامی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بوون. واتە کاک حەسەنی شەرەفی و کاک جەلیلی گادانی. ئەوەی کە مایەی شادمانیی دوژمنان و

دڵتەنگیی دۆستان و دڵسۆزانی حیزبی دێمۆکرات بوو، وە لە بەرنامەکەدا بەزەقی دیار بوو، بریتی بوو لەو وێنانەی کە هەرکام لە کاک جەلیل و کاک حەسەن لە پشت سەری خۆیانەوە دایاننابوو. هێمای دەستەبەندی و سەرلێشێواوی. جا با ئیتر رێبەرایەتیی حیزبی دێمۆکرات هەر وەکوو وشتری نێو پەممۆ چاوانی بشارێتەوە. ئەوا لە سەرتاسەری جیهان خەڵک بینیویەتی کە کاک حەسەن شەرەفی وەک لایەنگری کاک مستەفای هیجری و مووچەخۆری پارتی دێمۆکرات وێنەی هەر سێک شەهیدی مەزن قازی و قاسملوو و شەرەفکەندی لە پشت سەری خۆی داناوە و کاک جەلیل گادانیش وەک لایەنگری مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، کە پشت ئەستوورن بە پشتیوانیی یەکێتی نیشتمانی، تەنیا وێنەی پێشەوا قازیی لە ژوور سەری خۆی داناوە. سەیرەکە کاتێک زیاتر دەردەکەوێت کە ئەگەر بەباشی سەرنج بدرێتە شوێنی دانیشتنەکە بۆت ئاشکرا دەبێت کە یەک مێز و یەک کورسی و یەک ژووره و لە یەک کاتیشدا بەرنامەکە تۆمارکراوە، بەڵام خەرەندی نێوان باندەکان زۆر قووڵە. ئەم دیمەنە بەلای منەوە سەرنجڕاکێشترین دیمەنی بەرنامەکە بوو کە تێر تێر پێی پێکەنیم و هەزار نەفرەتم نارد بۆ ئەوانەی حیزبی دێمۆکراتیان بەم رۆژە گەیاند.